# چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی و چۆنیەتی کارکردن بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کورد

**سەیران تەها ئەحمەد**
**بەریتانیا**

گەر لە سادەترین پرسیارەوە دەست پێدەکەین، چی بکەین بۆ ئەوەی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان و مانەوەی کورد وەك خاوەن دەسەلأت لەم بەشەی کوردستاندا بپارێزین؟ ئایا کار بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی کورد دەکەین، یان پاراستنی دەستکەوتی حیزبەکان و بە هێز کردنی پێگەکانیان دەکرێت ؟

ئایا کورد ئینتمای هەیە یان نا وەیان لاوازە؟ چۆن کار بۆ بەهێز کردنی بکرێت؟

ئایا کورد لەچ ڕوانگەیەکەوە پێویستی بە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی هەیە، چۆن پارێزگاری لە بوونی قەوارەی کوردی خۆی دەکات، دەبێت بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی کورد چی بێت، وە یاخود هەنگاوە جدیەکان لە کوێوە دەست پێدەکات؟

جا بۆ گەیشتن بە وەلأمی ئەم پرسیارانە پێویستە سەرەتا لێ تێگەیشتنمان هەبێت بۆ چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی و بنەماکانی و شێوازی پراکتیزە کردنی هەبێت.

ئاسایش بەشێوە گشتیەکەی پێچەوانەی ترسە که هەستی تاك بە دڵنیایی و ئاسایش دەگرێتەوە ، وە ئاسایش پەیوەستە بەبوونی مرۆڤەوە لەو ڕۆژەی دروست بووە تا مرۆڤەکان بوونیان هەبێت، چونکە پێداویستیەکی مرۆڤایەتیەوە. کەواتە پێویستە بزانین مانای ئاسایشی نەتەوەیی چی دەگەیەنێت، بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لە باری سەقامگیربوونی ئاسایشی دەوڵەتێك یان سیستەمی ڕژێمێکی سیاسی لە دەوڵەتدا کە لەو ڕێگەیەوە بتوانرێت گەشەکردن و بنەماکانی دروست بوونی دەوڵەت و مانەوەی تیایدا مسۆگەر دەبێت، کەواتە نەبوونی ئاسایشی نەتەوەیی گەورەترین مەترسیە بۆ لەناوچوونی دەوڵەت و سیستەمە سیاسیەکەی .

زور پێناسە هەیە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ڕەنگە دیارترین پێناسە ئەو پێناسەیەی بێت کە دەڵێت مەبەست لەم چەمکە پاراستنی ئاسایشە لە مەترسی سەرکوتکردن و لەناو چوون لەسەر دەستی هێزە دەرەکیەکان.

(هنری کیسنجر) وەزیری دەرەوەی پێشوی ئەمەریکی وای بۆ دەچێت هەر هەڵسوکەوتێك دەگرێتەوە کە کۆمەڵگا هەوڵی بۆ دەدات تا لەو ڕێگایەوە بتوانێت بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات، بەلأم (روبرت مکنمارا) وەزیری بەرگریی پێشوی ئەمەریکی ئەم بۆچونێکی تری هەیە، کە ئاسایش مانای گەشەکردن و پەرەپێدانەوە جا ئابوری یان سیاسی و یان کۆمەلأیەتی بێت لە لەژێر پاراستنێکی مسۆگەردا، وە دەڵێت ئاسایشی ڕاستەقینەی دەوڵەت لە زانینێکی قووڵەوە دەست پێ دەکات بۆ سەرچاوەی ئەو مەترسیانەی کە هەڕەشە لە توانا و بەرەنگارییەکانیان دەکات لە بوونی هەلەکانی پەرەپێدان لە هەموو بوارەکاندا جا لە ئێستا و داهاتوودا بێت.

پێناسەیەکی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مەبەست لە ئاسایشی نەتەوەیی: بەرجەستە کردنی تواناکان دەگرێتەوە بۆ بەربەرەکانی و دوورکەوتنەوە لە ڕوونەدانی جەنگ وە یان بەرەنگاربوونەوە دەگرێتەوە لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییە بالأکان بەجۆرێك کە دەوڵەت بتوانێت پارێزگاریی لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی بکات.

کەواتە دەتوانین بڵێن کە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لەگەڵ سروشت و گرنگی ستراتیجیەتی قۆناغەکانی ئێستا و داهاتوودا دەگونجێت. کەواتە بریتیە لەو فەلسەفەیەی کە ڕژێمێکی سیاسی یان کۆمەلأیەتی پەیرەوی دەکات بۆ گەیشتن بە پەیرەوکردنی جۆرە ڕێچکەیەکی ئابوری وسیاسی و کەلتوریی و سەربازی، بەمەبەستی بە دیهێنانی بەرزترین ڕێژە لە پەرەپێدان و پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا.

لە کۆندا لەو بڕوایەدابوون کە زاراوەی ئاسایشی نەتەوەیی تەنها سەرکردەو پیاوانی سیاسی بەکاریان دەهێنا، بەلأم وەك بەکارهێنان و بلأوبوونەوەی ئەم دیاردەیە چەمکێکی تازەیە سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی جەنگی جیهانی دووەم، کە لەم سەردەمەدا ڕوانگەیەك سەری هەڵدا چۆنیەتی بەدیهێنانی ئاسایش و ڕێگەگرتن لە جەنگ، کە لە ئەنجامدا تیۆرەکانی پەرپەرچیدانەوە و هاوسەنگی هاتەکایەوە، گۆڕانکارییانەی جەنگی جیهانی دووەم بۆچوونێکی نوێی لەگەڵ خۆیدا هێنا، کە سەروەری پەیوەست کرد بە پارێزگاریی کردن لە بەرگی هەوایی (ئاسمانی) ، هەروەك چۆن ئەڵمانیا و ئیتاليا یابان لە پێشەنگی ئەو وولأتانە بوون کە توانیان بە هۆی فڕۆکە و زریپۆشەکانەوە

سەرکەوتنەکانیان بپارێزن. لە هەشتاکاندا سەدەی ڕابردوودا شۆڕشی زانیاری ڕۆڵی سەرەکی بینی لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیدا، هەر وەك چۆن حکومەتی ڕیگن پلانی جەنگی ئەستێرەکانی خستەڕوو. بەڵام لە نەوەدەکاندا کە بیری جیهانگیری لە پەرەسەندندا بوو زیاتر گرنگی بە هێزە دەریاییەکان دەدرا، هەرچەندە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە سەدەی بیستەوە پەیوەستە بووە بە نەوتەوە، جەنگەکانی عێراق و ئێران و شەڕی کەنداو گەورەترین بەڵگەن لە بەشداری کردنی ئەمەریکا هەر کاتێك هەستی کردبێت بەرژەوەندییەکانی دەکەوێتە مەترسیەوە، وە یەکێك لە ئامانجەکانی شەڕی کەنداو مانەوەی هێزەکانیەتی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن. لێرەوە ئەو ڕوانگەیە دەسەپێنرێت کە دەوڵەتانی زلهێز و دەسەڵاتدار سنوریان نیە بۆ ئاسایشی نەتەوەییان چونکە بەرژەوەندیە نیشتمانیەکانیان بەهەموو لایەکی جیهاندا بڵاوبۆتەوە، کەواتە سنوری پشتێنەی ئاسایشییان هەموو جیهانە. لەبەرئەوە ئەو مافە بەخۆیان دەدەن کە فڕۆکەکانیان پشکنینی هەموو کونجێکی جیهان بکەن و بنکەی سەربازییەکانیان دابمەزرێنن وە دەست دەخەنە کاروباری وولاتانی ترەوە بەکارێکی سروشتی لەقەڵەم دەدەن چونکە پەیوەندی بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانیانەوە هەیە.

وەك دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاسایشی ئەمەریکی لەساڵی 1947 دا، ئەمانە مێژووی سەری هەڵدانی چەمکی ئاسایشە بە ئاستە جیاوازەکانەوە وە بەپێی سروشتی بارودۆخە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانەوە هاتەکایەوە، بەجۆرێك کە سیاسیەکان لەلایەنی ئەکادیمیەوە گرنگی پێدەدەن. وەك ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکی و ئاسایشی ئەوروپی و ئاسایشی ئیسرائیلی و ئاسایشی نەتەوەیی سۆڤیەتی(پێش هەڵوەشانەوەی).

ئەم شێوازی بیرکرنەوەی پاراستنی خود و بەرگری لەخۆ کردنە بوو کە کێبڕکێی لە نێوان وولاتاکاندا دروست کردبوو بۆ بەدیهێنانی چەکی ناوەکی، بۆ نموونە دەبینین ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا کە لەماوەی 40 ساڵی جەنگی ساردا بەستراتیجیەتی گرتنەخۆ و پەرپەرچیدانەوە ناسراو بوو، گۆڕا بۆ ستراتیجیەتی گورزی خۆپارێزی، بێگومان ستراتیجیەتی جۆرج دەبلیو بۆش لە ستراتیجیەتی کلنتۆن جیاواز تربوو، بەڵام خاڵی هاوبەش ئەم ستراتیجیانە ڕێگەنەدانە بەڕووبوونەوەی سەرکەوتنی سەربازیی وولاتەکەیان بۆ هەر (تحدی) یەکی تر وەك لە جەنگی ساردا بەرەوڕووی بوونەوە، وە لە 11 سێپتەمبەری 2001 د ا سەرۆك بۆش ستراتیجیەکی نوێ ڕاگەیاند کە ناسراوە بە ( ڕازی کردن و زۆر لێکردنی دەوڵەتان بە بەرپرسیارێتی سەروەرییان ) ئەمەش بریتیە لە دۆزینەوەی هاوپەیمان لە جەنگی دژی تیرۆر، کە بەئاشکرا ڕایگەیاند: "کە دوو دڵ نابین و پاشەکشێ ناکەین لەوەی ئەگەر بەتەنهاش بێت لە وەرگرتنی هەڵوێست لەکاتی پێویستدا بۆ بەرگری کردن لە خۆمان".

ئاسایشی نەتەوەیی کاتێك دێتەدی کە بتوانرێت کە ئاسایشی دەوڵەت بەگشتی بپارێزرێت. کەواتە بەشێکە لە سیاسەتی حکومەت کە ئامانجی دۆزینەوەی ڕێگا چارەکان و مەرجەکانی گونجاندنە لەگەڵ سیاسەتە نێودەوڵەتی و نیشتمانیەکانە لە پێناوی پاراستنی بەها زیندوو و ناوخۆییەکانی گەلێکە دژی دوژمن وە یان داگیرکەرانی خاکەکەیەتی.

لێکۆڵەرەوەکان گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کە ئاسایشی دەوڵەت پارێزراو دەبێت ئەگەر بتوانێت نهێنیەکانی و بەرژەوەندییەکانی پارێزراو بێت، خۆی ئامادە بکات و شێوازێکی وا پراکتیزە بکات کە بزانێت چۆن سەرکەوتن لە جەنگدا بەدەست دەهێنێت، ئا لەم ڕوانگەیەوە ئاسایشی دەوڵەت پەیوەستە بە توانای سەربازی. بەڵام لە سەردەمی ئەمڕۆماندا چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی مانایەکی جیاوازی هەیە کە پێشینە دەدات بە توانای دەوڵەت بۆ پاراستنی بەهاکانی ناوخۆیی وولات دەگرێتەوە لە هەر هەڕەشەیەك بەبێ گوێدان بەشێوە و سەرچاوەی ئەو هەڕەشانە . زۆرجار دیاری کردنی ئەم بەهانە لەلایەنی سیاسیەوە دەبێت کە (سەربەستی و سەربەخۆیی و سەروەری،.....هتد دەگرێتەوە).

زۆر گرنگە لەم سەرنجەوە بتوانین بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی دیاری بکەین کە سێ بنەمای سەرەکی هەیە: بنەمای سیاسی و بنەمای ئابوری و هێزی سەربازییە.

1-بنەمای سیاسی (ئاسایشی سیاسی): مەبەست لە ئاسایشی سیاسی، ئازادی و وویستی نیشتمانیە، وە ئازادی بڕیاردانی سیاسیە، وە مسۆگەرکردنی سیاسەتی حکومەتە لە ئێستا و داهاتوودا لەبەردەم فشار و ئاستەنگە ناوخۆیی و دەرەکیەکاندا وە لەم ڕوانگەیەوە ئاسایشی سیاسی ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت ئازادی وویستی نیشتمانی بۆ هەموو توێژەکانی گەل هەبێت، وە ئازادییەکی تەواو بۆ سەرکردایەتی سیاسی لە بەڕێوەبردنی و وێنەکێشانی سیاسەتی دەوڵەتدا، لە ماوەیەکی درێژ خایاندا بەبێ دەست تێوەردان و ئاستەنگە ناوخۆیی و دەرەکیەکاندا. بەهێزترین ڕەهەند لە ئاسایشی سیاسی بریتیە لە توانای دەوڵەت لەتێپەڕاندنی ناکۆکیە سیاسیەکانی هێزە کاریگەرەکان و بەجۆرێك کە بتوانرێت ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسی یەکگرتوو پێك بهێنرێت، بەجۆرێك گەرەنتی پاراستنی ئاسایش و جێگیربوونی سیستەم و

دامودەزگا دەستورییەکانی دەوڵەت بپارێزرێت ، بەم شێوەیە دەتوانرێت بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەت و یەکێتی ڕیزەکانی دەوڵەت بپارێزرێت، وەلایەکی ترەوە بتوانرێت کە هاوسەنگیەك لە سیاسەتی دەرەوەدا هەبێت، کە بایەخ بە بارودۆخ و گۆڕانکارییە نێودەوڵەتیەکان بدات و مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

2- بنەمای ئابوری (ئاسایشیئابوریی):

زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان کۆکن لەسەرئەوەن کە ئاسایشی نەتەوەیی بریتیە لە پەرەپێدانی مرۆیی، وە ئاسایش تەنها خۆ پڕچەك کردن نیە، هەرچەندە بەشێکی گرنگی پێك دەهێنێت، وە تەنها چالاکی سەربازی نیە، هەرچەندە ئەم لایەنەش دەگرێتەخۆ بەڵکو ئاسایش پەرەپێدانە وە بەبێ پەرەپێدان ناتوانرێت باس لە ئاسایش بکرێت. ئا لەم ڕوانگەیەوە هەندێك لەو بڕوایەدان کە لەیەکچوونێك هەیە لەنێوان ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی ئابوری، بۆنمونە لە وولآتێکی کشتوکاڵیدا کە ئابورییەکی سروشتی هەیە، ئەو کاتە ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی دەبەسترێتەوە بەپانتایی زەوییەکانی وە ژمارەی دانیشتوانییەوە، ئا لەم ڕوانگەیەوە ئەو بیردۆزە سەرچاوە دەگرێت کە بەرگری نیشتمانی لە کارەوە دەبێت وە پاشان دیاری کردنی مەرجی مانەوەی مرۆڤ و بەردەوام بوون لەو ژینگەیەدا. بەڵام لەگەڵ بوونی پەرەپێدان و ئابوری بازاڕدا، دەستکەوت و قازانجەکان پێشینەیان دەبێت بۆ پاراستنی نیشتمانی،

ئەو کاتە هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی هەڕەشەیە لە مەرجەکانی پەرەپێدان واتە لە سامان و بازاڕ، کەواتە لێرەدا ئاسایشی نەتەوەیی پەیوەست دەکات بە گەشە کردنی ئابوری و سنوور و مەرجەکانی مانەوەی مرۆڤ دەبەزێنێت. هەرچەندە ئابوری تەوەر یان ناوەڕۆکی ئاسایشی نەتەوەیی پێك دەهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نیە خۆشگوزەرانی ئابوری و کۆنترۆڵکردن و دەست بەسەراکردنی مادەی خاو ڕێگەگر بێت لەبەردەم هێرشی دەرەکی و ڕووخاندنی سیستەمەکاندا.

3- ئاسایشی سەربازی: ئاسایشی سەربازی بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوەیی، توانای دەوڵەت دەگەیەنێت لە پەرپەرچی و بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسیانەی کە سروشتێکی سەربازییان هەیە. کەواتە پاراستنی دەوڵەتە لە مەترسیە ناوخۆیی و دەرەکیەکانە و پاراستنی دەستکەوتە نیشتمانیەکانە لە چوارچێوەی شەرعی دەستوریدا.

شایانی باسە کە ئاسایشی نەتەوەیی بە مانا فراوانەکەی تەنها لایەنی سەربازی ڕۆڵی سەرەکی نابینێت بەڵکو هۆکاری ئابوری ڕۆڵی بنچینەیی دەبینێت لەسەر دروست بوونی بناغەی ئەم چەمکە، لەلاکی ترەوە هۆکاری ڕۆشنبیری هەمان کاریگەریی دەبێت لەسەر جێگیربوونی کۆمەڵگاکان و کەلتور. پێویستە بووترێت کە بیری نەتەوەیی لە فیکری سیاسیدا هاوچەرخدا تەنها چوارچێوەیەکی گشتی نیە بۆ گەڕانەوە بۆ گەل یان نەتەوە، بەڵکو هەروەك لەلای زۆربەی بیرمەندەکانی ڕۆژئاوادا بووە بە فەلسەفەی ژیان و ڕامیاری و یاسادانان، وە لێرەوە دەتوانرێت خوێندنەوەمان بۆ ڕێچکەی مێژوو و لێکدانەوەمان بۆی هەبێت.

کەواتە پێویستە ئاماژە بۆ کۆمەڵێك چەمکی وابەستە بە ئاسایشی نەتەوەیی بکەین لەوانە:

1- ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی.

مەبەست لە بەدیهێنانی سیاساتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بەدەست هێنانی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیە ، هەرچەندە جیاوازیەکی ڕوون هەیە لە نێوان ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی، چونکە لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەوڵەتەوە دەبێت داڕشتنەوەی هەموو پلان و ئامانج وستراتیجیەتی سیاساتەکانی لێوە سەرچاوە دەگرێت، کەواتە ئەمە ناوەڕۆکی کارکردنە کە وابەستەی پارێزگاریکردنە لە قەوارەی دەوڵەت وگەشەکردنی دەوڵەت وە دروست کردن و پتەوکردنی پاڵپشتە نێودەوڵەتیە جا مادی یان مەعنەوی بێت .

2- ئاسایشی نەتەوەیی و هێز

تەنها پێناسەیەك بۆچەمکی هێز لە کۆندا هێزی سەربازی دەگرێتەوە، بەڵام ئەمڕۆ ئەم چەمکە گشتگیرییە پێنج لایەنی سەرەکی دەگرێتەوە: ئەویش لایەنی سیاسی و ئابوری و دیبلۆماسی و سەربازی و مەعنەویە.

3- ئاسایشی نەتەوەیی و سەقامگیربوونی ئاسایش.

سەقامگیربوونی ئاسایش بریتیە لە ئامانج و بەیەکێك لە کۆڵەکەسەرەکیەکانی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێت، دەتوانین بڵێین سەقامگیربوونی ئاسایش پێداویستیەکی سەرەکیە کە مانەوەی دەوڵەتی لەسەربەندە کە لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت پەرە بەخۆیی بدات پەرەپێدانێکی گشتگیری.

کەواتە سەقامگیربوونی ئاسایش دووجۆرە: سەقامگیربوونی ناوخۆیی و سەقامگیربوونی دەرەکی دەگرێتەوە

سەقامگیربوونی ناوخۆیی کاتێك دەستەبەر دەبێت ئەو کاتەی گەل هوشیار بێت بزانێت بەرژەوەندی باڵای وولاتەکەیان لە کوێدایە و کار بۆ بەدیهێنانی بکەن، بەڵام سەقامگیربوونی دەرەکی مەبەست لێی جێگیر بوونی ئاسایشی وولاتە لەگەڵ وولاتانی دەوروبەردا.

وە لە هەمان کاتدا پێویستە ئاستەکانی ئاسایش دیاری بکەین:

1- ئاسایشی تاك دژی ئەو مەترسیانەی کە هەڕەشە لە ژیان و سامان و خێزانەکەی دەکات.
2- ئاسایشی نیشتمانی دژی هەر مەترسیەکی ناوخۆیی و دەرەکی کە دەکرێتە سەر دەوڵەت.
3- ئاسایشی هەرێمی یان کۆمەڵی مەبەست لێی ڕێکەوتنی کۆمەڵە دەوڵەتێك لە ناوچەیەکی دیاریکراو بۆپلانان دانان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر هەڕەشەیەك لەناوخۆ و دەرەوە دووچاری دەبنەوە.
4- ئاسایشی نێودەوڵەتی کە ئەمەیان پەیوەستە بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان وەك کۆمەڵەی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان کە ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

پێویستە ئەوە بوترێت کە بوونی دەزگاکانی هەواڵگریی وە فرەیی بوون و سەربەخۆبوونی ئەم دەزگانە ڕۆڵی باڵا دەبینێت دروست کردنی کێبڕکێیەکی تەندروستدا لە نێوان خودی ئەم دەزگایانەدا بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا و هەڵسەنگاندیاندا لە دروست کردنی بڕیاری سیاسیدا، وە ئاراستە کردنی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەکیدا، زۆرجار چەندایەتی دەزگاکانی هەواڵگری و دروست بوونی کێبەرکێ لە نێوانیاندا گەورەترین سوود دەگەیەنێت بە بەرژەوەندی باڵای میللەت، ئەگەر هاتوو ئەمانە بەپێی پسپۆڕێتی و تایبەتمەندێتی ئامانجەکانیان و پێگەی جوگرافیان کاری خۆیان بکەن، لەهەمان کاتدا هاوئاهەنگی دروست یبوونی هێڵ و کەناڵە جیاوازەکان گەورەترین کاریگەرییان دەبێت لە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندییان بۆ بڕیارە سیاسیەکان ڕاست دەردەچێت لەکاتی گونجاودا بۆ هەڵسوێنەر و داڕێژەرانی بڕیاری سیاسی لە دەوڵەتدا.

وەزۆربەی جار ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەردانانی کۆڵەکەکانی سیاسەتی دەرەوەی وولات و وەرگرتنی هەڵویستی سیاسی بەرامبەر بە وولاتان .

بێگومان بوونی جۆرە دەزگایەکی لەو شێوەیە تێچوون و توانایەکی مرۆیی و مادی دەوێت، کە وەك چۆن لە هەموو وولاتانی دونیادا پەیڕەو دەکرێت و کەسانی پسپۆر و تایبەتمەند بەپێی پسپۆڕێتیان سوودییان لێوەردەگیرێت ، چونکە ئامانج و ئەرکەکانی ئەم دەزگایە زۆر و فرە لایەنە، لەلایەکی تر ەوە کە پێداویستی کۆکردنەوەی زانیاری و وردکاری هەمەچەشن و فراوان هەیە لە بوارە جیاوازەکاندا، چونکە مامەڵە لەگەڵ سیستەمی سیاسی پێشکەوتوو و ئاستی جیاوازدا دەکرێت ، بەرەچاو کردنی ئەوەی کە هەرچی بڕیارە گرنگ و چارەنووسسازەکانە لەسەر بنەمای ئەوەی ئەم دەزگایە پێشکەشی دەکات لە زانیاری و ڕێنمایی و خستنەڕووی مەترسیەکان لەم دەزگایەوە سەرچاوە دەگرێت.

وە دەبێت ئەوە بزانرێت کە پەیوەندییەکی تێهەڵکێش لە نێوان سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی ناوەوەی هەیە کە بە هەردووکیان وێنەی دەوڵەت دەکێشن، چونکە سیاسەتی دەرەوەش درێژکراوەی سیاسەتی ناوخۆیە، کەواتە لێرەوە ئازادیە گشتیەکان و چەسپاندنی دیموکراتیەت و چاودێری مافەکانی مرۆڤ وە ڕێزگرتن لە سەروەری یاسا ئەمانە هەموویان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە.

ئا لێرەوە دێینە سەر کرۆکی بابەتەکەمان ، ئایا کورد ئاسایشی نەتەوەیی هەیە؟ مانای ئاسایشی نەتەوەیی کورد چی دەگەیەنێت؟ کورد چۆن بتوانێت پارێزگاری لە دەستکەوتە باڵاکانی خۆی بکات لەناوەوەی عێراق و دەرەوەی عێراق و گرنگیدان بە گەورەترین پڕۆسەی گەورەی داهاتوو چۆنیەتی کارکردن بۆ دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی و چۆن بتوانێت بەهێز بێت و داهاتووی بپارێزێت بەرامبەر بەجۆرەکانی تیرۆر، لەوانەش:

ا-تیرۆری مادی: کە مەبەست لێی بەکارهێنانی ناعادیلانەی هێزە بەهەموو شێوازێکی پراکتیکی و گووتاری بێت بەمەبەستیزیان گەیاندن بە بەرامبەر.

ب-تیرۆری ڕەمزی: مەبەست لێی زیان گەیاندنە بە بەکارهێنانی شێوازی سایکۆلۆجی بەمەبەستی ڕووخاندنی وورەو تۆقاندنی بەرامبەر

بەنەمانی هەست کردن بە ئاسایش و تێکچوونی هاوسەنگی.

ج-تیرۆری فیکری: ئەم جۆرە تیرۆرە لە هەموویان زیاتر مەترسیدارترە چونکە دوو جۆرەکەی تری تیرۆر لێرەوە سەرچاوە دەگرن، کە ئەم جۆرەیان خۆیی لە پشتگوێخستن و بێنرخاندنی بەهاکاندا دەبینرێت، ئەمەیان شەڕی فەرامۆش کردن و لەهەمان کاتدا هەڵتەکاندنی فیکر و کەلتورە.

بەلاّم دەبێت بووترێت کە کورد زۆر سستە و دواشکەوتووە لە کارکردن بۆ ئەم پرۆسە گەورەیە، هەموو دواکەوتنێکیشی زیان گەیاندنە لە بەرژەوەندی بالآی نەتەوەی کورد، چونکە تا ئێستا کورد لە چەمکی پاراستنی حیزب و خێڵ و گروپدا تێپەڕی نەکردووە.

ئەمەش مانای ئەوە نیە کە کورد کەسانی دڵسۆزی تێدا نەبێت؟ بەلاّم بۆ نەتوانراوە ئەم جۆرە بیرکردنەوە لەلای کەسانی بالاّدەست و خاوەن پۆستەکان تا دەگاتە هاولاّتی ئاسایی بچەسپێنرێت و کاری بۆ بکرێت، کەواتە لێرەوە ئەو ڕاستیە مێژوویيە بەرجەستە دەبێت کە بیری ئینتما و گەڕانەوە بۆ گەل چەند لاوازە، کە هەموو چین و توێژەکان دەگرێتەوە، ئەمە گەورەترین خاڵی شکستی کوردە لە هەموو قۆناغەکانی مێژوودا لە کۆن و نوێدا پێوەی دەتلێینەوە، کە ناتوانرێت بەرژەوەندی بالآی نەتەوە زاڵ بێت بەسەر بەرژەوەندی حیزب و گروپ و کوتلە و بەرژەوەندی تاکە کەسیدا. وە تا ئەم جۆرە بۆ چوون و بیرکردنەوەیە هەبێت و ئەو ژینگەیە بۆ کەسانی خۆویست والاّ بێت، ناتوانرێت هەنگاوی پێویست بنرێت ناتوانرێت کاری جدی بۆ بکرێت، گومانی تێدا نیە بەبێ بوونی دەوڵەتی (موسسات) ناتوانرێت کاریگەری هەبێت، کەواتە لێرەوە بەبەرپرسیارێتی ڕاستەقینە لە ئەستۆی دەسەلاّتە و پێویستە ڕووبەڕووی بێتەوە.

دەبێت خەڵك لەناخەوە قەناعەت و بڕوای بەدروست بوون هەبێت و کار بۆ ئامانجێکی گەورە کار بکات، بەلاّم درووست بوونی ئەم قەناعەتە بەبێ دەزگای پلاندانان و پلانی داڕێژراوی دەوڵەت یان دەزگایەکی تۆکمە و ڕێکخراو نابێت کەبەشێکی کاریگەر بێت لە جەستەی دەوڵەتی داهاتوو، ئەویش خۆی لەم کارانەدا دەبینێتەوە:

1- گەڕانەوە بۆ زیندوو کردنەوەی ڕۆحی کوردایەتی و چەسپاندنی لەناو ڕۆح و پەروەردەی کۆمەڵگادا.

2- گەڕانەوە و بەکارهێنانی سیستەمی خزمەتی سەربازی بۆ هەردوو ڕەگەز بۆ ماوەیەکی دیارکراویش کە لە 6 مانگ کەمتر نەبێت، بۆ پێکەوە بەستنی ڕۆحیەتی تاکەکانی کۆمەڵگا بەهەموو پێکهاتە جیاوازیەکانیەوە.

3- یەکبوونی سیستەم و پرۆگرامی خوێندن بۆ دروست کردنی ڕۆشنبیرییەکی یەکگرتوو، کار کردن بۆ بەڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگا، پەروەردەکردنی نەوەی نوێ بە ئاستێکی بەرزی زانستی لە هەموو بوارەکاندا لەڕێگەی ناردنە دەرەوەیان و سوود لێوەرگرتنیان لە داهاتوودا.

4- دابین کردنی لایەنی کەمی ئاستی بژێوی ژیان و شوێنی نیشتەجێبوون و دۆزینەوەی کار.

5- بەگەڕخستنی سیستەمی باج لە هەموو لایەن و بوارەکاندا، لە بەرامبەردا بوونی بیمەی کۆمەڵایەتی بەو شێوەیەی لە وولاّتانی ئەوروپادا پەیڕەو دەکرێت.

6- چەخت کردن لەسەر چۆنیەتی پاراستنی ئاسایشی ئەم پارچەیەی کوردستان، کە لێرەوە بتوانرێت کار بۆ پارچەکانی تر بکرێت، وە نابێت ئەو خاڵە لەبیر بکرێت کە کورد لە جەنگێکی هەمیشەیدا دەژی تا پارچەکانە تری کوردستان ئازادی خۆیان بەدەست دەهێنن.

کورد دەتوانێت سوود لە نموونەی ئسرائیل وەربگرێت لە دروست بوونی دەوڵەتدا کە زۆر خاڵی لەیەك چوو هەیە لە نێوان هەردوو حاڵەتی کوردو ئیسرائیلدا، بەجۆرێك کە هەردووکیان بە دوژمن چواردەورە دراون و بەلاّم لەگەڵ بوونی گەورەترین جیاوازی کە ئیسرائیل گەورەترین پشتیوانی دەرەوەی هەیە، چۆن لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەوڵەتەکەیاندا لە 1947وە لە سەرەتای پەنجاکاندا توانیان بەهێزترین دەزگای هەواڵگرییان هەبێت و کاریان بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەتەوەیی خۆیان کردووە.

لە گرنگترین خاڵی کارکردنیان ئەویش:

1- ئیسرائیلیەکان دروست بوونی دەوڵەتی ئیسرائیلی بە ئەرکێکی ئایینی هەموو ئیسرائیلیەکانی دەدەنا لە هەر شوێنێکی جیهاندا بن ، ئەمە بەهێزترین خاڵە لە در وست کردنی ئینتما و بەستنەوەی ڕۆحی تاکەکان بەیەکەوە، بۆ بەدەست هێنانەوەی مەلەکوتی ئیسرائیلی بە پشت بەستن بە پەیمانێکی خواوەند بە گەڕانەوەی (ارض الميعاد).

2- ئەرکی هەموو ئیسرائیلیەکە کە ڕەگەزنامەکەی هەرچیەك بێت، کە پابەندی دڵسۆزی و گەڕانەوەیان بۆ نیشتمانی ئیسرائیلی دایکە، کە چۆن

بتوانن ئاسایشی بپارێزن بە پشت بەستن بە بیروباوەڕێکیچەسپاو کە چۆن خۆیان لەناوچوون ببپارێزن، بەهۆی ئەو بارودۆخە تایبەتیەی کە بەسەریاندا هاتووە لەلایەنی سیاسیەوە بۆ ڕاکێشانی هەست و سۆزی ئیسرائیلیەکان بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوەکەیان کە چۆن بەهەموو ڕێگایەك بەرگری لە مانەوەی خۆیان بکەن، کە توانیویانەوە لەڕێگەی کارکردن بە پرەنسیپێکی چەسپاو لەلایەن ڕۆشنگەری سیاسی بە ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتی و هەستی ئیسرائیلیەکان وە بیر خستنەوەیان بۆ هەمیشە زیندوو ڕاگرتنی ئەو ڕووداوو و یادەوەریانەی کە لە ڕێچکەی مێژوودا چ نەهامەتی و چەوسانەوەیان بەسەردا هاتووە، ئەمە ئەو بنەما و پەروەردەیە کە نەوەکانیانی پێگۆش دەکەن .

بۆ کوردیش زۆر گرنگە بتوانین کار بۆ ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بکات، دەبێت کار بۆ چەسپاندنی کۆڵەکەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بکرێت لەوانە:

1- درك پێکردنی هەڕەشەکان جا ناوخۆیی یان دەرەکی بێت.
2- وێنەکێشانی ستراتیجیەتی پەرەپێدانی هێزەکانی دەوڵەت وە پێداویستی پراکتیزە کردنی و پاێزگاری لێکردنی.
3- دابین کردنی تواناکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە دەرەکی و ناوخۆییەکان وە بنیادنانی هێزی چەکداری لە ئاسایش و پۆلیس بە جۆرێك توانای پارێزگاری کردنیان هەبێت.
4- ئامادەکردنی سیناریۆکان و وەرگرتنی هەنگاوی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکان.
5- پەیڕەو کردنی سیاسەتێکی دروست و ژیرانە لەسەر ئاستی ناوخۆ ، بە تایبەتی دەرەوەدا کە بتوانرێت گەورەترین پشتیوانی بەدەست بهێنێت و پێگەیەکی بەهێز لە ناو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا پەیدا بکات.

لە کۆتاییدا:

ئەوەی ئەمڕۆ دەبینرێت  بە پێچەوانەی کار کردنە بۆ بەهێز کردنی پێگەی نەتەوەیی، دەبێت کورد فریای خۆی بکەوێت، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ دەبینرێت و پەیڕەو دەکرێت بەتایبەتی دوای پڕۆسەی ڕزگار بوونی عێراقەوە کار کردنە بۆ بە عێراقی بوونی کوردستان و پەیرەو کردنی سیاسەتی عێراقچێتیە؟ کە لە پێناوی بە دەست هێنانی کورسی و پۆستی سیاسیدا ڕووپۆشی ئەم لایەنە بکرێت و کاری بۆ نەکرێت،  وە لە هەمان کاتدا کوشتنی ڕۆحیەتی کوردانەی ناخی تاکەکانە و دروست نەبوونی لەلایەن ئەو نەوەیەیی دوای ڕاپەڕینەوە دروست بوون کە نەزانن نرخی ئەو بەهانە چیە؟ نابێت بوونی چەند دەست کەوتێك لە عێراقی ئەمڕۆدا ئامانج و پرەنسیپە سەرەکیەکانمان لە بیربەرێتەوە؟ چونکە ڕاست کردنەوەی ئەم هەڵانە جگە لەوەی پرۆسەیەکی زۆر قورس و گران دەبێت کاتێکی درێژخایانیشی دەوێت .
مەحاڵە کار بۆ دروست بوونی دەوڵەت و پارێزگاری لێکردنی بکرێت بەبێبوونی ئینتما؟ فەر امۆش کردنی ئەم لایەنە مەترسیەکی حەتمیە لە پرۆسەی دروست بوونی دەوڵەتی کوردیدا؟ مەحاڵە کار کردن بۆ ئەم ئامانجە لە دەوڵەتی (مۆسساتی) دا نەبێت. وە دەتوانرێت ئەم هەنگاوانە بنرێت ئەو کاتەی کە توانرا کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی حیزبی لە حکومەت جیابکرێتەوە.
کەواتە کارکردن بۆ بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین ، دەبێت کار بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی بکەین، ئەمەش لە ڕێگەی کارکردنە لەسەر هەموو ئاستەکانی کەلتور و ئابوری و سیاسی و  کۆمەڵایەتی. چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان ئاسایشی نەتەوەیی و مەسەلەی دیموکراتیەت و بەشداری سیاسیدا و ڕای گشتیدا هەیە. گەورەترین مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دابڕانە لە نێوان سیستەمی سیاسی و جەماوەردا، وە دەبێت کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم دابڕانە بنرێت.
مەترسیدارترین جۆری داگیرکردن کە کورد دووچاری بووە، داگیرکردنی ژیری و ئاکاری کوردە، ئەگەر ئێمە بمانەوێت کار بۆ پێکهاتە و بنەماکانی دەوڵەت بکەین ، دەبێت کار بۆ سەر لەنوێ بنیادنانەوەی تاکی کورد بکەین، چۆن بتوانرێت سەرلەنوێ کەلتوری میللەتێك بژار بکرێت.